www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:24

## وەفیق سامەرائی ئەیەوێ سەدامێکی جوانمان پیشان بدات

عارف قوربانی

لە رۆژنامەی (القبس) ی کویێتی ژمارەی رۆژی (٣٠/٤/٢٠٠٢) دا وەفیق سامەرائی وتارێکی بلاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (من سنه الاخیره بعد التأریخ حافل بالرهانات المفجعه) و (شخصیه صدام کما یصفها وفیق السامرائی) کراوەتە مانشێتی نوسینەکەی.

وەفیق سامەرائی بەو پێیەی بەرپرسی هەواڵگری سەربازی سوپای عیراق بووەو یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی دەوروبەری سەدام و لەم نوسینەیدا لەپاڵ ئەوەی کە سەدام بە پیاوێکی دڵرەق و توندوتیژو بێ رەحم و خواستی دەسەلاتخوازی ناو ئەبات بەلام لەپاڵ دەرخستنی ئەو راستیانەداو بە حساب بۆ دەرخستنی دیوە شاراوەکانی کەسێتی سەدام حسێن . هاتووە کەوتۆتە وەسف و ستایشی ئەم دیکتاتۆرە خوێنرێژەو ئەیەوێ سەدامێکی جوان پیشانی مرۆڤایەتی بدات. .

نوسینەکەی سامەرائی ئەوە دەهێنێ بە کتێبێك و دێر بەدێر وەلام بدرێتەوە . بەلام لە دەرفەتێکی وا کورتدا هەر دەکرێت ئەم چەند سەرە قەڵەمەی لەسەر بنوسم. هەقە هەموو ئۆپۆزسیۆنی عیراقیو روناکبیرو نوسەرانی دڵسۆز بە خاك و خەمخۆر بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە لێی بێدەنگ نەبن و چیتر رێگە نەدەن بەو جۆرە خەڵکانەی کە چۆن پێشتر لە خزمەتی سەدامدا بوون و هەمیشەش هەروا دەمێننەوە بێن و لەژێر چەتری ئۆپۆزسیۆنیش خزمەت بە سەدام و مێژووی ژیانی بکەن.

سامەرائی لە شوێنێکی قسەکانیدا ئەڵێت سەدام هیچ حەزی لەوە نییە (زیندانی) بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە بەتایبەت ئەوانەی کە نەیاری شەخسی خۆی بن زوو تەسفیەیان دەکات. پاشان دەڵێ ئەوەی دوژمنی خۆی نەبێت زوو عەفویان دەکات دەیان هەزار عیراقی سودیان لە عافواتەکانی سەدام وەرگرتووە. .

گەر ئەم قسەیەی سامەرائی ورد بخوێنینەوە . کورد واتەنی بێسێو دوو کردن لە جەوهەرو ناخی سامەرائی تێدەگەین و پێویستمان بەوە نابێ کە بپرسین سامەرائی چ کارەیەو راستەوخۆ دەتوانین حوکم بدەین کە ئەم کابرایە وتەبێژی شەخسی سەدامەو دەیەوێ بەوە ستایش بکات کە دەیان هەزار عیراقی ئازاد کردوە لە زیندان گەر هەر تاوانێکیان کردبێ تەنها دوژمنی شەخسیی سەدام نەبووبن. هەقە ئەو پرسیارە لە سامەرائی خۆی بکرێت ئەو دەیان ئەفسەرو سەدان سەربازانەی کە بەدەستی سامەرائی کوژراون و لە زیندانەکاندا هەزاران کەسیان بەشێوازی جۆراوجۆرەکانی تەعزیب بە مەرگ دەگەیاند. ئەمانە هەمووی دوژمنی شەخسی سەدام بوون. ئەو هەزاران سەربازەی کە تەنها لەبەر هەڵهاتنیان لەریزی سەربازیو رەتکردنەوەی شەڕو نەفرەت کردنیان لە خوێن ڕشتن هەڵدەهاتن و لە کوێرە دێیەکدا خۆیان حەشاردابوو. کە دەگیران و گوللەباران دەکران ئاواتیان چی بوو، ئایا باوك و برای سەدامیان کوشتبوو جەنابی سامەرائی وا بە دوژمنی شەخسی سەدام ناویان ئەبەی. ئەی کامەیە ئەو دەیان هەزار عیراقییەی وا سودیان لە عافواتەکانی سەدام بینیوە. .

لەدرێژەی وەسفەکانیدا بۆ دەرخستنی دیوە شاراوەکانی سەدام دەڵێ (سەدام پیاوێکی بە هەیبەتە، بونیەی بەهێزە ماندو نابێ لە ئیشکردندا. گەر سەعاتی کارکردنی سەدام بە سەعاتی کارکردنی هەر کەسێکیتر بەراورد بکرێت، سەدام رەقەم قیاسی دەشکێنێ) . گەر ئەمە وەسف و سەنای سەدام نەبێت و هەوڵی جوانکردنی نەبێت چییە. . !؟

هەروەها دەڵێ (ئەزانێ چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ دەوروبەرەکەیو ئەزانێ چۆن پاداشت و سزا بدات، هەر بۆیە توانی لەسەر حوکم بمێنێتەوە. .)

لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە سامەرائی جورئەتی ئەوەی کردوە لەنێو کۆمەڵگایەکدا کە بە تەواوی دژی سەدامن و بە قێزەونترین دیکتاتۆری سەر رووی زەوی دەزانن. سامەرائی لێرەو لەنێو ئەو هەموو دەزگایانەوە دێت و دەڵێت (سەدام لە کۆبوونەوەکاندا گوێگرە. وەك ئەو کەمە لە گوێگرتندا بەتایبەت ئەگەر

قسەکانی بەرامبەر پێچەوانەی بیروڕاکانی سەدامیش بێت) . . جا ئەگەر وا بوایە ئەوە دەبوو ڕەفزی دیموکراسی نەك بە دیکتاتۆر ناودەبرا . نازانم سامەرائی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە گێل و دەبەنگ تێدەگات . یان گاڵتە بە میزاجی عیراقییەکان دەکات . بەڕاستی بێ باکی لە قسەکانی سامەرائیدا دیارەو هیچ حساب بۆ رای گەلانی عیراق ناکات و ئەوی ترس بێت لە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی نیەتی . لەکاتێکدا سامەرائی بۆ خۆشی تا قوڕقوڕاگەی لە خوێنی لاوانی عیراقدایەو دەبوو ئێستا پاکانە لەبەردەم ئپۆزسیۆن و گەلانی عیراقدا بکات تا بیبەخشن . کەچی هاتووە تاوانباریشیان دەکات بەوەی ئەو (پیاو چاکە) سەرکردەو سوپا سالاریان بووەو بۆچی لەدەستی یاخین؟.

لە شوێنێکی‌تردا دەڵێ (ئەزانێ چۆن ختوکەی هەستی عیراقییەکان ئەدات و قسە بۆ پیرەکان دەکات . منالان ئەهێنێتە تەنیشتی خۆیەوەو دیارییان دەداتێ) . . پاشان ئەڵێ (کە ئەچووە ناو ئەهوارەکان تەلەفزیۆنی بۆیان ئەبرد بەدیاری‌و دابەشی ئەکردە سەر هەژارەکانی ناوچەی ئەهوارەکاندا) .

دواتر ئەڵێ: (ئەو ژن و پیاوەی کە توشی نەخۆشی دەبوون لەسەر حسابی دەوڵەت دەیناردن بۆ دەرەوە بۆ چارەسەرکردن و دەیان نەخۆشخانەی لەسەر بودجەی خۆی دروست کردوە) .

پاشان دێتە سەر بەراوردی کەسێتی أحمد حسن بکرو سەدام حسین و دەنوسێ . (سەدام بەپێچەوانەی أحمد حسن بکرەوە کە دیاری نەدەبەخشی‌و نە فلسێك و نە پایسکیلێك و نە لەعابەیەکی بە کەس نە دەبەخشی، بەڵام سەدام دەست و دڵی تێرەو دڵ و دەستی خەڵکی پڕ دەکرد لە دیاری . .

دواتر دەڵێ گەرچی هەیبەتێکی هەیە لە بەرامبەر ئەفسەرەکانی . بەڵام لە قسەکانیدا هێرش ناکاتە سەر کەس و دانابەزێتە سەریاندا و جنێو نادات بە کەس و ناموسی کەس . .

ئەمانەی سەرەوە هەمووی قسەی وەفیق سامەرائی بوون و لە ژمارەی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٣٠ی رۆژنامەی (القبس) کوێتیدا نوسیوێتی . لەکاتێکدا کە زۆرترین هەڵمەی ڕاگەیاندن لەسەر شەخسی سەدام لە ئارادایەو زۆرجار بە تاکە دیکتاتۆرو گەورەترین مەترسی بۆ سەر مرۆڤایەتی ناودەبرێت.

لەو کاتەدا سامەرائی دێت و ئەو قسانەی سەرەوە دەداتە بەرگوێی کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌و رای گشتی گەلاندا . . کە هیچ کەس لە سەرکردایەتی بەعس و سەرانی عیراق ئێستا لەناو بەغدادی پایتەختدا رووی ئەوەیان نییەو جورئەتی ئەوە ناکەن ئەو قسانە بکەن کە وەفیق سامەرائی لە لەندەنەوە کردوونی . .

لە هەموو ئەو قسانەش سەرنج راکێشتر ئەوەیە کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە قسە زۆر هەڵدەگرێ لەم (تەوقیتە) دا ئەم قسانە بکرێت کە دەڵێ: (سەدام رقی لە تورك و مێژووی عوسمانی نییەو تورکمانیش بە دەرگایەکی ئاین دائەنات بۆ عیراق سەرباری هەڕەشەی تورکیاش لە عیراق . سەدام هیچ ئامانجێکی لە تورکیا نییە.

پاشان دەڵێ: (زۆر رقی لە ئێرانە بە ئاوو خاك و مێژوو و خەڵکیشیانەوە . گەر ئەتۆمی هەبوایە لەشەڕی دژ بە ئێراندا ئەیتەقاند) . . پاشان دەڵێ: (رقی لە کورد نییە لەبەر ئەوەی سەدام رەگەز پەرست نییە . تەنانەت رقی لە سەرۆکەکانیشیان نییە . بەڵام کە هێرشی کردە سەریان لەبەر ئەوە بوو کڕنوشیان بۆ حوکمەکەی نەبرد) .

ئەم قسەیەی وەك ئەوە وایە بڵێ: (چۆن خوای گەورە حەقی بوو شەیتان بەر نەفرەت بدات چونکە کڕنوشی بۆ باوە ئادەم نەبرد.

دەبێ کوردو ئۆپۆزسیۆنی عیراقی بەگشت هەڵوەستەیەك لە ئاست ئەم قسانەی سامەرائی‌دا بکەن . کە لەکاتێکدا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئێران بە مەترسی دەزانن و تورکیا دۆستێکی ستراتیژی خۆیان سامەرائی دێت و دەڵێ سەدام ئامرازێکی باشە بۆ مانەوەو بەگژاکردنەوەی ئێران چونکە رقی لێیانەو تورکیای دۆستی ئێوەی خۆش ئەوێ . کە ئێستا ئێوە هەستان بە ئازارەکانی کورد و بە گەلێکی شایستەی ئەزانن و دۆستایەتیان دەکەن . سەدامیش رقی لێیان نییەو خۆشی ئەوێن.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:24

ئەمانەو زۆری‌تریش. . ئەو قسانەی سامەرائی ئەوە هەڵدەگریٚ کە هەر قسەیەکی چەندین لاپەڕەی لەسەر بنوسریٚت و وەربگیٚڕدریٚتە سەر زمانەکانی‌ترو ریسوا بکریٚت و بەدونیای ناسیٚنریٚت کە ئەمە زمانحاڵ و هاوبیرو هاوکرداری سەدامەو دەبیٚت گەلانی عیراق بە هۆشیارییەوە لە تەونی دادگای نیٚودەوڵەتی بنیٚن و چیتر ساویلکانە لە ئامیٚزی نەگرن وەك بەرپرسیٚکی عیراق کە هەڵهاتووەو ئەتوانیٚ لە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆندا سودی لیٚوەربگیریٚت. . بەپیٚچەوانەوە ئەوەتانیٚ لەناو ریزەکان و حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆندا گەورەترین خزمەت بە سەدام و میٚژووە خویٚناوییەکەی دەکات. .

کورد دەڵیٚ (خوویەك گرتت بە شیری تەرکی نادەی بە پیری) سامەرائیش لەوەتەی هەیە بە گیانی خویٚنرشتن و بیری شۆڤیٚنیانەو کڕنوش بردن بۆ سەدام پەروەردەکراوەو ئیٚستاش هەمان رەوتی ژیانی لەبەرگیٚکی‌تردا دریٚژە پیٚدەدات.

رەنگە جوانترین قسە ئەوە بیٚت کە نزار قەبانی دەڵیٚ: (چەند رقم لەو شاعیرەیە کە شیعرەکانی لە خۆی ناچن). .

بەڵام سامەرائی قسەکانی‌و نووسینەکانی لە ناخی دەچن و ئەوەی لە ناخیدایەو پیٚی پەروەردەکراوەو ئەوەی نوسیویەتی. . هەمووی ئەو شتەیە کە ئەم لەپیٚناوی‌دا خەبات دەکات و کاتی خۆیشی بۆ ئەو مەبەستە چووەتە دەرەوە تا لەو ریٚگەیەوە خزمەت بە رژیٚم و سەدام و میٚژووە خویٚناویە هاوبەشەکەیان بکات.

www.kurdistannet.org